### هونەرمەند ی لوبنانی دیانا حەداد:

# دەتوانم بە هەموو شێوەزارەکانی عەرەبی گۆرانی بچڕم

یەکێکە لە دیارترین ئەستێرەکانی وڵاتی لوبنان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، زیاتر لە بیست ساڵە لە نێو بواری گۆرانی و موزیکدا بوونی هەیە و بەردەوامە، دیانا حەداد لە سەردەمێك هاتە مەیدانەکەوە گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بە توانا دەگمەن بوون کە بتوانن بوونی خۆیان لە نێو جەماوەردا بسەلمێنن و بتوانن بەردەوام بن، تەنانەت دوای ئەوەی ژمارەی هونەرمەندان زۆر بوون و کەسانێکی زۆریش هاتنە نێو بوارەکە ئەو بوونی خۆی وەکو سەرەتا راگرت و بەردەوامیش بوو لە سەرکەوتن، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە باس لە چەند لایەنێکی ژیانی هونەریی خۆی دەکات.

* دیانا پێی وایە هونەری گۆرانیی وتن بەهرەیە بەر لەوەی مەشق و خۆ ماندوو کردن بێت، چونکە ئەگەر کەسێك بەهرەی گۆرانیی وتن و دەنگخۆشیی نەبێت ئەستەمە بتوانێت، ئەگەر هەوڵیش بدات و لەم بارەیەوە دەڵێ:هەر لە منداڵییەوە خولیای گۆرانیی وتن بووم و هەستم دەکرد ئەو بەهرەیەم هەیە، بۆیە زۆر گرنگ نەبووە بۆ من ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوم رۆڵی هەبووبێت لەسەر پەرەپێدانی بەهرە و تواناکانی خۆم، چونکە بەهرە پشت بە ژینگە نابەستێت، بەڵکو بەهرە لەگەڵ مرۆڤ لەدایك دەبێت، بەڵام رەنگە دەورووبەر کاریگەرییان هەبێت ئەگەر کەسانی دەنگخۆش هەبن، بەتایبەتی ئەگەر لە خانەوادەکەت کەسانی دەنگخۆش هەبووبن، باوکم دەنگی خۆش بووە، ئەمەش رەنگە کاریگەریی لەسەر من هەبێت.

*دیانا وەك زۆر لە هونەرمەندە لوبنانییەکان یەکسەر نەهاتۆتە نێو بواری گۆرانیی وتن لە بارەی سەرەتاکانی هاتنە ناو بواری هونەری و دەرکەوتنی دیانا دەڵێ: گۆرانیی وتن خولیای منداڵیم بوو حەزم دەکرد گۆرانی بڵێم ولەسەر تەختەی شانۆ دەرکەوم و بەشداریی لە پێشبڕکێ هونەرییەکاندا بکەم، یەکەم دەرکەوتنیشم لە کەناڵی (L.B.C) بوو لە چوارچێوەی بەرنامەی (ستۆدیۆ الفن) و بەشداریم لە چەندین ئاهەنگی گۆرانیدا کرد بێ ئەوەی هیچ ئەلبوومێك بڵاوبکەمەوە، بەڵام بە دەستپێکردنی رەسمیی من لە یەکەم ئەلبووم بوو لە ساڵی ١٩٩٦ بەناوی (ساکن) و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامم .

دیانا بە زۆر شێوەزار گۆرانی وتووە لەم بارەیەوە دەڵێ: من زۆر بە باشی شێوەزاری لوبنانی دەزانم، بۆیە جەماوەری کەنداو زۆریان پێخۆش بووە گۆرانییەکانیان بە دەنگێکی لوبنانی ببیستن کە زۆر بە باشی دەیڵێ، بە پێچەوانەوە هەمیشە داوام لێدەکەن گۆرانیی زیاتر تەنانەت ئەلبوومی تەواویش بە شێوەزاری کەنداوی بڵێم، من ماوەیەکی زۆر لە کوێت بووم ئێستاش لە ئیمارات نیشتەجێم و دەزانم جەماوەری کەنداو چ جۆرە گۆرانییەکیان دەوێت بۆیە کاریگەریشیان هەبووە لەسەر ئەوەی بتوانم بە باشی بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی بڵێم، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە بە پلەی یەکەم جەماوەرە .


دیانا حەداد پێیوایە کە گۆرانیی وتن گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی ئاسایی روویداوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: رەنگە لە بواری دابەش کردنی گۆرانییەوە گۆڕانکاری تێدا دروست بووبێت و دەنگی زیاتریش پەیدا بووبن، هەروەها ئاستی گۆرانییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ژمارەی هونەرمەندان لە هەردوو رەگەز زۆر بووە، بەڵام دەنگی خۆش و دەگمەن کە دیار و بەرچاو بن زۆر نین، بەڵام لە کۆتاییدا راستی هەر دیار دەکەوێ و دێتەوە سەر ئاراستەی خۆی و جەماوەر رێز لە هونەرمەندانی خۆی دەگرێت و دەتوانێت ئەوانەی لەسەر بنەڕەتێکی راست بنیاتنراوە و بە زیندوویی دەمینێتەوە و بەردەوام دەبێت جیا دەکاتەوە لەوانەی کە وەك با دێن و دەڕۆن جیا بکاتەوە .

سەبارەت بەو ئاواتە تایبەتیانەی دیانا حەداد کە تا ئێستا بەدی نەهاتوون، دیانا دەڵێ: پێموایە لە ژیانی مرۆڤدا هیچ کاتێك هەموو ئاواتەکانی نایەنە دی، لەسەر ئاستی گشتی هیوادارم ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر دڵ و ماڵماندا بکێشێت بەتایبەتی لە عیراق و لوبنان و فەلەستین، لەسەر ئاستی تایبەتیش لە خوا داواکارم بتوانم کچەکان بە پەروەردەیەکی ساغڵەم پەروەردە بکەم و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنم لە سەرتاسەری دنیا نەك تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و هیوادارم ئەلبوومی داهاتووم زۆر سەرکەوتوو بێت، چونکە زۆر پێوەی ماندوو بووم.

جگە لە گۆرانیی گوتن زۆر حەزی لە گەشت و وەرزشە بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەگەر کاتی بەتاڵی هەبێت ئەوا لەگەڵ دۆست و کەسە نزیکەکانی و ئەنجامدانی وەرزش بەسەری دەبات، هەروەها بەردەوام دەچێتە سینەما و ئەگەر پابەندبوونی دیکەی هەبێت لەکاتی بەتاڵی ئەنجامیان دەدات و زۆر حەزی لە خواردنی لوبنانییە بە شێوەیەکی گشتی وخواردنی چینی و هەندێك خواردنی چێشتخانە و کەنداویی، لە رەنگەکانیش حەزی لە رەنگە تۆخەکانە وەك رەش، هەروەها حەز لە رەنگی سپی دەکات کە پێچەوانەی رەشە لەگەڵ زەیتی و پەمەیی، سەبارەت بە وڵاتەکانیش دەڵێ: گشت وڵاتانی ئەوروپام خۆشدەوێت بەتایبەتی سویسرا و فەرەنسا، بێگومان لوبنانیشم زۆر خۆشدەوێت، هەر وڵاتێکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە.



# دەستگیرانی بیرین شەرمەزاری کرد



# ریهانا فەلەستینییەکانی دڵخۆش و تورە کرد

زۆر لە ئەستێرە سینەماییەکانی جیهان و گۆرانیبێژان لە سەرتاسەری جیهاندا هەڵوێستی خۆیان دەربارەی رووداوەکانی ئەم دواییەی غەززە و فەلەستین دەربڕی و زۆربەیان ئیدانەی کردە سەربازییەکانی هەردوولایان کرد و داوایان کرد بە زووترین کات بوەستێنرێ بۆ ئەوەی چیدیکە خەڵکی سڤیل بەتایبەتی ئافرەت و منداڵ نەبنە قوربانی ئەم جەنگە، لە هەمان کاتدا بەشێکیان بێدەنگییان نواند بۆ ئەوەی بە لایەنگری هیچ لایەنێك تۆمەتبار نەکرێن و نەبێتە هۆی تورەبوونی خەڵکانێکی دیکە.

ریهانا یەکێك بوو لەو ئەستێرانەی کە لە سەرەتای رووداوەکان پشتیوانی خۆی بۆ فەلەستینییەکان راگەیاند و ئیدانەی پرۆسە سەربازییەکانی ئیسرائیلی کرد، بەڵام هەر زوو لە لێدوانەکەی پەشیمان بۆوە، چونکە بە ئیدانە کردنی کردەوە سەربازییەکان رووبەرووی تورەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەوادارانی بویەوە لە ئەمریکا و رۆژئاوا.

ریهانا سەرەتا لە تویتەر نووسیبووی کە پشتگیری لە گەلی



ئەم ماوەیە خانمە ئەکتەری ناوداری تورکی بیرین ســات بە قۆناغێکی ناخۆش و هەستیاری ژیانی تێپەڕ دەبێــت بە هۆی دەســتگیرانەکەی کە گۆرانیبێژی تورکی کینان دۆگلۆی کە خــستویەتیە حاڵەتێکی دوودڵییەوە.

دوو دڵیی بیرین لەوەوە ســەری گرت کاتێك رازی بوو رۆڵی ســوڵتانە کوســیم ببینێت لە زنجیرە درامای (ســوڵتانە کوسیم)، بەڵام دواتر کینانی دەســتگیرانی پێی راگەیاند کە بەرهەمهێنەری تورکی تەیمور ســافجی پێشکەشی کردبوو بە برە پارەیەکی زۆرەوە، بەڵام ئەو لای خۆی رەتی کردبۆوە، چونکە لە سیناریۆکەیدا چەندین دیمەنی وروژێنەر و ماچ کردنی تێدایە.

ئەگەرچــی کینان بڕیاری کۆتایی بۆ خودی بیرین جێهێشــتووە بــە رازی بوون یان رەت کردنەوەی کارەکە، بەڵام ئێستا بیرین تووشی دوودڵییەکی زۆر بووەتەوە، نازانێ بەشداری بکات لە کارێکی هونەری کە هەموو ژیانی هونەریی دەگۆڕێت و دەبێتە وەرچەرخانێکی هونەری، یانیش دەســتگیرانەکەی رازی بکات، چونکە پێشــتر کینانی شوێنی وێنەگرتنی کارێکی بیرینی جێهێشت کاتێك بینیی بیرین و پاڵەوانی کارەکە زیاتر لە جارێك یەکتری ماچ دەکەن لە دیمەنێکدا کە چەندین جار دووبارە کرایەوە.

**فەلەستین دەکات و دەستەواژەی «FREE PALASTINE»ی دانابوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نزیکەی ٣٦,٤ ملیۆن کەس بینییان، بــەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکــی زۆر کۆمێنتی رەخنە ئامێزی بۆ نێردرا ناچار بوو دوای ٨ خولەك بیســڕێتەوە، ریهانا لەم بارەیەوە بە گۆڤاری (میرۆر)ی بەریتانی راگەیاند: کاتێك سەیری راپۆرتێکم دەکرد دەربارەی کێشــەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت ئەم کۆمێنتەی نوسی بێ ئەوەی پێ بزانێت تائەو کاتەی کە هەوادارانی کۆمێنتیان نووسی.**

**دوای ماوەیەکــی زۆر کەم ریهانا کۆمێنتێکی دیکەی بڵاوکردەوە و تێیدا نووســیی: با هەموومان نوێژ بکەین بۆ هێنانەدی ئاشــتی و کۆتایی هاتنی خێرای ململانێی ئیســرائیلی- فەلەستینی. ئایا هیچ هیوایەك هەیە؟؟.**

# ئەنجلینا و براد سەری ئافرەتێکیان خوارد



زۆر مرۆڤ هەیە پلانێك بۆ ژیانی خۆی دادەنێت و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات لە پلانەکەی سەرکەوتوو بێت و بە باشترین شێوە جێبەجێی بکات، ئەمەش ئەرك و ماندووبوون و بگرە شەونخونییەکی زۆریشی دەوێ، مرۆڤ تووشی فشارێکی دەروونی و جەستەیی زۆر دەبێت و زۆر لە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانیشی لەگەڵی ماندوو و خەریك دەبن بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە شەوی بوکێنییەوە هەبێت دەیەوێ بە جۆرێك بێت کە تا لە ژیان لە بیری نەکات. ماریا ئاربا ماوەیەکە بووەتە باسی سەر زاری میدیاکانی بەریتانیا دوای ئەوەی پەنای بۆ کەناڵی بی بی سی برد بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بیگەیەنن بە هەر یەکە لە براد بێت و ئەنجلینا جۆلی، چونکە بە قسەی خۆیان ئەم دوو ئەستێرە هاوسەرە خەریکە خۆشترین رۆژی ژیانیان تێك بدەن. بەپێی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی رایانگەیاند ئەربا و دەستگیرانەکەی پلانیان دانابوو ئاهەنگی هاوسەرگیرییان لە دوورگەی جۆزۆ لە وڵاتی مالتا ساز بکەن لە مانگی ئۆکتۆبەری داهاتوو، بەڵام لە بەدبەختیی خۆیان ئەم پلانەیان خەریکە دەبێتە خەون، چونکە ئەنجلینا جۆلی و براد بێت هەمان دوورگەیان هەڵبژاردووە بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی فیلمی داهاتوویان کە بە یەکەوە رۆڵی تێدا دەبینن و ئەگەر لەو کاتەدا فیلمەکە وێنە بگرن ئەوا ناتوانن ئاهەنگەکەیان ساز بکەن، بۆیە دەیانەوێ لەگەڵ ئەنجلینا و براد قسە بکەن بۆ ئەوەی ئاهەنگەکەیان تێك نەچێت و چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ ئەم گرفتە.